## به ناوی یەکبوون
## کۆمیتەی پێکهێنەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ئێمە ئەندامانی حیزب، کە ئەمڕۆ بە داخەوە لە دوو بەشی لێکداپڕاو دا کار دەکا، ئیمانمان بە یەکگرتنەوەی درەنگ یا زووی ئەو دوو بەشە هەیە. لە سەر ئەو هیوایە هەوڵدەدەین، بە پشتیوانیی خودا، حیزبی دێموکڕات ڕۆژێك لە ڕۆژان پێك بهێنینەوە.

ئێمە لە سەر ئەساسی کۆنگرەی یەکەمی حیزب دەست دەدەینە کار و تێکۆشان. بایخەکان و بناغەکانی حیزبی دێموکڕات کە لە ڕۆژی دامەزرانیدا دیاریکراون بۆ ئێمە ئیعتیباریان هەیە و جێی پەیڕەوی لێکردنن.

ـ ئاڵای کۆماری کوردستان لە مهاباد، ساڵی 1324 کە دوو کەوانەی گەنم و قەڵەم وێرای تیشکی خۆر هێماکەیەتی ئاڵای ئێمەیە.

ـ سروودی سەردەمی کۆماری کوردستان " خوایە وەتەن ئاوا کەی" سروودی نیشتمانیمانە.

لە تێکۆشانی خۆماندا هەر دوو لامان خۆش دەوێن، ڕێز لە تێکۆشانیان دەگرین و هەر دوو لا بە سەرمایەی حیزب دەزانین.

ـ ئەمە دروشمی ستراتێژیکمانە: " بۆ پێشەوە بەرەو پێکهێنانی کۆنگرەی هاوبەشی حیزبی دێموکڕات". هەوڵدەدرێ ئەم دروشمە بکرێتە داخوازیی زۆربەی ئەندامانی حیزب لە هەر کام لە دوو لایەنەکەی ڕێکخراو دا.

سێ شێوەی پێوەندیی فەرد بە ئێمەوە:
1ـ دەکرێ لە کومیتەکەماندا بە ڕەسمی ببێتە ئەندام و کار بۆ یەکگرتنەوە بکا
2 ـ دەکرێ لە یەکێك لە دوو لایەنەکەی حیزب دا ئەندام بێ و کار بکا، بەڵام لایەنگریی لە تەرح و بەرنامەی کۆمیتەی پێکهێنەرەوە بکا،
3 ـ دەکرێ دۆست و دڵسۆزی حیزب بێ و غەمخۆری یەکگرتنەوە بێ و لە لاوە هاوکاریی کاری کۆمیتەکەمان بکا، بێ ئەوەی ئەندام بێ.

ـ کەسانێك کە هەست بە نزیکبوون لەو فکرە دەکەن و کەسانێك کە خۆ بە دۆست و غەمخۆری وەها بەرنامەیەك دادەنێن دەتوانن لە داهاتوو دا بەشداری لە کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمیتەکەماندا بکەن.

کاری ئێمە هەتا یەکگرتنەوەی یەکجاریی حیزب بەردەوام دەبێ و لە گەڵ گەیشتن بەو ئاواتە کۆمیتەکەمان کۆتایی بە هەبوونی دێ.

لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی پێکهێنەرەوەی ح. د. ك
15 ی دیسامبری 2006